# منداڵی و فەلسەفە

ڕێبوار سیوەیلی[1]

پرسیارەکانی فەلسەفە هەرچییەک بن، جۆرێکن لە چالاکی و پرسیاری مرۆڤێکی کاملّی عاقڵ و ژیرن بەڕۆحێکی منداڵانەوە. دەمەوێت لەم بەشەدا هەندێ سەرنج لەم بارەیەوە بخەمە ڕوو، بەڵام لە پەیوەندی بە دوو بەشی پێشووترەوە و بەئامانجی وتووێژی دیکە لە بەشی داهاتوودا.
خەسڵەتی جەوهەریانەی فەلسەفە، بریتیە لە خۆشەویستی بۆ زانین، ئەو چالاکییەی جەوهەرەکەی لەسەر خۆشویستنی زانینەوە بێت، چالاکییەکە لە هەوڵی فراوانکردنی مەودا بەرتەسکەکان، کردنەوەی گرێکوێرەکان و گۆڕینەوەی تاکڕەهەندیدایە بە فرەڕەهەندی. لێرەدایە منداڵی و فەلسەفە، بۆ هەمیشە دەبنە هاوسەفەری یەکتری.
لە منداڵییدا گومان و پرسیار و گەڕان بەدوای وەڵامدا بەرجەستەترین دۆخی ئاسایی و سرووشتین. خۆشەویستی منداڵ بۆ گەورەبوون و فراوانکردنی دنیای خۆی، پەلکێشی دەکەن بۆ گەڕانی بەردەوام بەدوای پرسیار و ڕەواندنەوەی گومانەکانیدا. هیچ شتێ نییە منداڵدا لەم گەڕان و عەوداڵبوونە پاشگەز بکاتەوە، چونکە ئەوە، وێڕای ئەوەی کەلتوورێکی منداڵکوژی پێویستە،کە تیایدا و بەهۆیەوە، دەست دەخرێتە دنیای منداڵەوە و منداڵیی سەرکوت دەکات، ئاواش دژی سروشتی قۆناغی منداڵیانەی مرۆڤە، کە ئەگەر نەتوانێت لەو قۆناغەدا خۆی دەربڕێ و خۆی بناسێ و بهێنێتە دی، بە پێویست لە قۆناغەکانی دیکەی تەمەندا لە هەوڵی خۆ دەربڕین و خۆ بەدیهێناندا دەبێت و بە ئاسانی دەستی لێهەڵناگرێ، چونکە ئەگەر ئەو کارە بکا ئەوە لەگەڵ ناخی خۆیدا دووچاری ناکۆکی و دژایەتی دەبێت و مرۆڤێکی ناکام و نائومێد و بڕوابەخۆنەبووی لێدەردەچێ.



لێگەڕێن بەمجۆرەی خوارەوە سەرەتای حەکایەتی منداڵیی مرۆڤ و فەلسەفە دابمەزرێنین.
داستانبێژانی دنیادیدە و بە ئەزموون و حەکیم گوتویانە: کاتێ بۆ دوای دواوە و تا دوورەدەستترین شوێنی ناو خەیاڵ بڕوانین، دەبینین لە سەرەتاوە جیهانێکی پڕ تەمومژ هەیە و مرۆڤ لەو کاتەوە و لەناو ئەو تەمومژی بەرەبەیانی مێژووەوە بەدیار دەکەوێ، کە هێدی هێدی بۆی ئاشکرا دەبێت ئەو بیر دەکاتەوە، یان دەتوانێ بیر بکاتەوە. یان ڕاستتر وایە بڵێین مرۆڤ لەوکاتەوە لە مێژوودا بەدیار دەکەوێ، کە بیر دەکاتەوە لەوەی ئەو بوونەوەرێکی بیرکەرەوەیە. کەمێ پێش ئەو ڕووداوە و تۆزقاڵێ بەر لەوەی تەمەکە بەتەواوی بڕەوێتەوە (پشتبەستوو بە هەموو ئەو ڕاستیانەی تا ئێستا دەیانزانین)، مرۆڤ لەناو دنیای ئەفسانە و نەریت و باوەڕداریدا دەژیا، کە هەموو ئەمانەش ژیانی باو و باپیرانی ئێمەیان ڕاپێچ دەکردە ناو ژیانێکی بەکۆمەڵی و دەیکردنە خاوەنی یادەوەری و کۆنەستێکی بەکۆمەڵی. بەڵام بێگومان ئەمە هەر تەنیا کەمێ لەپێش ڕەوینەوەی تەمومژەکەوە ڕووینەداوە، بەڵکو مرۆڤایەتی ماوەیەکی دوور و درێژ لەناو هەمان ژیانی کۆنەستانەی خۆیدا ماوەتەوە و ژیانی کۆنەستی چوارچێوەی بوونی ئەوی دەستنیشان کردووە. ئەوەی لێرەدا مەبەستی منە دەستنیشانکردنی وردی کاتێک و ڕۆژێک و سەدەیەک نییە کە تیایدا مرۆڤ لە مێژوودا بەدیار دەکەوێ، بەڵکو تەنیا ئاماژەدانە بە قۆناغی گۆڕانکاری و ساتەوەختی ڕەوینەوەی تەمومژەکە و دەستپێکردنی ژیانێکی ئاگایانە و هۆشیارانەی مرۆڤ. ژیانێک، کە تیایدا مرۆڤ بۆخۆی دەست بە بیرکردنەوە دەکات، دەزانێ کە ئەو بیر دەکاتەوە و دەشزانێ ئەوەی بیری لێدەکاتەوە شتێکە لە دەرەوەی خۆی.

---

[1] ئەم بابەتە دوو بەشە لە کتێبی «ترسان لە فەلسەفە، دەزگەی تۆژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی 2008، کوردستان هەولێر» و بابەتی سێهەمیش بریتییە لە بەشێک لە کتێبی «فەنتازیزی خواردن، چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگەی خەندان، چاپی 2006، سلێمانی»



لە درێژەی حەکایەتەکەماندا دەشتوانین ئەوەش بڵێین: ئەو کاتەی مرۆڤ دەزانێت ئەو تاکەکەسێکی بیرکەرەوەیە، ئەزموونکەرە، خاوەن یادەوەریە، پلاندانەر و بەرنامەدانەرە، ئەوە جیهان لە بەردەمی ئەم مرۆڤەدا دەبێتە پانتاییەک بۆ گەڕان و عەودالّبوون، کە دەبێ لێیبکۆڵرێتەوە. لێرەوە مرۆڤ دەبێتە بونەوەرێکی توێژەر. توێژینەوە دەبێتە بەشێک لە چالاکییەکانی ئەو، توێژینەوە دەبێتە خودی ژیانکردنێکی مرۆیانە.

ئیدی مرۆڤە فەیلەسووف سەرهەڵدەدات و ئەویش هەر کە زمانی دەپژێ، بەو جۆرەی ئەرستۆ گوتویەتی، دێتە ئاخافتن «ئەو ژیانەی توێژینەوەی لێنەکرابێ، شایانی ئەزموونکردن نییە».

هەر ئەم مرۆڤەیە دواجار دەپرسێ: بۆچی شتەکان بەو جۆرە ڕوودەدەن کە ڕوو دەدەن؟

ئەم پرسیارەش دەلالەت لە سەرسووڕمانێکی بونیادی، لەلای مرۆڤ دەکات و ئەو سەرسووڕمانەش دەیەوێ و پێویستە وەڵام بدرێتەوە. مرۆڤ لەوکاتەوە دەیەوێ بزانێت و خۆشەویستی بۆ زانین دەبێتە بەشێ لە چالاکیی مرۆڤانە، ئیتر مرۆڤ ناتوانێ ئارام بێت و دەیەوێ بزانێت و زانینەکەشی لە بواری پراکتیکیدا بەکار بهێنێ. بەمجۆرەش ناسینی سرووشتی دەوروبەر گەشە دەکات و پەرەدەستێنێ و لە پاشانیشدا هێدی هێدی دەبێتە هاندەر بۆ دروستبوونی تەکنیکێکی سەرەتایی، هەموو ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە، کە ئاخۆ چۆن زانین لە بواری کردەییدا دەتوانێت خزمەتی ئەو ژیانە بکات، کە شایستەی ژیانی مرۆییە؟

بێگومان ئەمەش ڕووینەدەدا ئەگەر جیهانی دەرەکی کاریگەریی نەکردایەتە سەر مرۆڤ و ئەگەر مرۆڤ نەیزانیبا کە قابیلی کارتێکردنە و بەمەش بۆی دەردەکەوێ کە ئەو بوونەوەرێکی نەگۆڕ و وەستاو و ڕەقهەڵاتوو نییە، بەڵکو ئەو دەگۆڕێ، جموجۆڵ دەکات و لە یەک چوارچێوەدا نامێنێتەوە.

هاوکات بەم ڕەوتی گەشەکردن و هاوتەریبیش بەوە، لە درێژەی حەکایەتەکەماندا دوو شتی دیکەش ڕوویانداوە:

وەکو گوتمان سەرەتا هێزێکی کارلێکەر لە دەرەوەڕا دێت و کاریگەریی دەکاتە سەر ناخ و ناوەوەی مرۆڤ، پاشانیش مرۆڤ هەستدەکات، کە شتێکیش لە ناوەوە و ناخیدایە و دەیەوێ بێتە دەرەوە و خۆی دەرببڕێ. ئەمەش ئەو شتەیە، کە لە گۆرانی و ئاوازەکان و لە سەما و جادووەکاندا، لە وێنەی سەر دیواری ئەشکەوت و پاشماوەکاندا، خۆی دەردەبڕێ و بەشێوەیەکی گشتی ئێمە پێی دەڵێین: هونەر و پێشتر لەبارەیەوە دوایین.

ئەمە ڕووداوی یەکەم بوو.

ڕوداوی دووەم، پەیوەندیی هەیە بە خودی بیرکردنەوە و گەشەکردنەوە. لە یەکەم قۆناغی کۆرپەیی هۆشیاری و ئاگاییەوە، بیرکردنەوە و هزرین خۆی لە ڕێگەی هەزار بە هەزارەکانی دەربڕینی تەجریدیانە، لە تێبینکردنە سەرەتاییەکان و هەڵوەستە وەرگرتنە سادەکانی مرۆڤەوە، ئاشکرا دەکات. مرۆڤ لە یەکەمین ڕامانەکانییەوە، لە یەکەمین سەرسووڕمان و خوریە و پەردەهەڵدانەوە و ئاشکرا کردنەکانییەوە، لەوەی کۆڵیوەتەوە، ئاخۆ بیرکردنەوە چۆنە و ئەو چۆن بیردەکاتەوە و ئایا یاساگەلێک هەن فێرمان بکەن چۆن بیر بکەینەوە؟ ئەگەر نین، ئایا نابێت لە هەوڵی بەرهەمهێنانیاندا بین؟

بەمجۆرەش لەگەڵ یەکەمین هەنگاوی مرۆڤدا بۆ پرسیارکردن، هەموو ئەو کێشە کۆنترۆڵنەکراوانە سەرهەڵدەدەن،کە پەیوەندییان بە پرسیارکردن خۆیەوە هەیە. لەوکاتەشەوە، ئەم چالاکییەی مرۆڤ،کە تیایدا بەهۆیەوە پرسیار دەکات، پێیدەگوترێ: فیلۆسۆفیا، خۆشەویستی بۆ زانین.

بەبێ ئەوەی بمانەوێ، (بەڵام ڕێی تێدەچێ وا بکەوێتەوە)، کە شتەکان زۆر سادە بکەینەوە، دەتوانین بڵێن:

دوای ڕەوینەوەی تەمومژەکە و ڕزگاربوون لە قۆناغی ناهۆشیاریی بە کۆمەڵی، مێژووی هۆشیاریی مرۆڤ لە قۆناغی سەرەتایی خۆیدا سێ ڕەوت و ئاراستەی خۆدەربڕین و زمانپژان لەخۆی دەگرێ، کە هەریەکەیان و هەمووشیان پێکەوە دەبنە بنەما بۆ کەلتوور و شارستانیەتی هەنووکەیی مرۆڤایەتی و ئەوانیش بریتین لە: فەلسەفە، زانست و هونەر.

ئەم سێ ئاراستە و ڕەوتە، دەستنیشانی گۆڕانکارییەک دەکەن لە ڕێڕەوی گەشەی ڕەگەزیی مرۆییدا لە میانەی تێپەڕینی سەردەمەکاندا، کە پێیدەگوترێ «فیلۆگینی» و ئەوەش سەردەمێکە تیایدا مرۆڤ لە قۆناغی ناهۆشیاریی بەکۆمەڵییەوە دەپەڕێتەوە بۆ هۆشیاریی بەکۆمەڵی. بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەی ئەو زانیاریە گشتیانەی دەیانزانین و بۆ درێژەدان بە حەکایەتەکەمان، تەماشای گەشەکردنی تاکەکەسیانەی مرۆڤیش بکەین، واتە لە ڕوانگەی «ئۆنتۆگینی»یەوە، سەرمان دەسووڕمێ لەوەی چ لێکچوونێک هەیە لە نێوان گەشەی ڕەگەزیانەی مرۆڤ و گەشەی تاکەکەسیانەیدا؟!

منداڵ لە دوو بۆ سێساڵی یەکەمی تەمەنیدا، بەشێوەیەکی گشتی، نائاگایانە هەڵسوکەوت و جموجووڵ دەکات و خۆی دەردەبڕێ. بەشێوەیەکی گشتی ئەوە تەنیا لە کۆتاییەکانی ئەو تەمەنەدایە،کە زمان بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر لەلای منداڵا گەشە دەکات و بەکار دەهێنرێ و خەون و وێناکردن و بیرۆکەکان دەردەبڕێ و تەعبیریان لێدەکات. ئالێرەدایە دەکرێ بپرسین: ئایا ئەوە حەکایەت و ئەفسانە و چیرۆکەکانن دنیای منداڵ فراواندەکەن، یاخود ئەوە تەنیا وشەکانی زمانن دەبنە دەربڕی ئەو شتانەی کە منداڵ پێشتر زانیونی؟
لەپاش ئەو قۆناغە و لە دەوروبەری کۆتایی تەمەنی سێ ساڵاندا عەوداڵبوونی منداڵ بە دوای ناسینی جیهاندا بەشێوەیەکی جیدیتر دەست پێدەکات و لە دۆخی سەرسووڕمان و تێبینیکردنەوە، دەکەوێتە دۆخی پرسیارکردن. پرسیار سەبارەت بە هەموو شتێ لەنێوان زەوی و ئاسماندا و لێرەشەوە بێماناترین شت شوێن بە ماناادارترین و قووڵترین شت چۆڵ دەکات! سەرسووڕمان و عەوداڵبوون، هیچ سنوورێ ناناسێ و هیچ شتێ نیە خۆی لە دەسەڵاتی پرسیار ڕزگار بکات. هەر ئالێرەشدایە و لەم قۆناغەدا کە چالاکییەکانی وەک گۆرانیگوتن و وریتە وریتکردن، لەبەرخۆوە قسەکردن و یاریی و وێنەکردن، سەما و هەر جووڵەیەکی دیکەی جەستەیی و لاساییکردنەوە، بە چڕیی دەستپێدەکەن. ئەگەر منداڵ لەم قۆناغەدا نەچەپێنرێ و سەرکوت نەکرێ (ئەمەش بەوە دەبێ،کە گەورەکان زۆر دەست نەخەنە دنیای منداڵەکانەوە)، بەڵکو ڕێنومایی بکرێ و پشتیوانی لێبکرێ و بواری خۆ دەربڕینی بۆ بڕەخسێ و لە جیاتی سزادان و تەریقکردنەوە و ڕووشکاندن، پاداش بکرێ و هانبدرێ و گفتوگۆی لەگەڵا بکرێ، ئەوە هەرخوا دەزانێ منداڵ چەندین شێوازی خۆدەربڕین دەدۆزێتەوە.



دوای ئەم قسانە ئایا زۆرمان گوتووە، ئەگەر بڵێین: منداڵ لە سەرەتای قۆناغی ژیانی ئاگایانەی خۆیدا، لەو کاتەوە کە زمانی دەپژێ و دێتە گۆ (لە ڕاستیدا پژان جوانترین تەعبیرە لەم بارودۆخە کە زمانەکەمان خستویتیە بەردەستمان)، ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەکات، کە ئەو پێویستی بە فەلسەفە و زانست و هونەر هەیە؟
ئایا لەو قۆناغەدا، دوای پێویستیە بایۆلۆژییەکان، ئەو پێویستیانەی باسیان کرا، لە هەر پێویستییەکی دی گرنگتر نین؟!
بێگومان بەهۆی ئەم کورتە بەراووردکردنە سادەیەوە نامەوێ ئەوە بڵێم، کە ڕەوتی گەشەکردنی ڕەگەزیانەی مرۆڤ «فیلۆگینی» لە ڕەوتی گەشەکردنی تاکەکەسیانەی مرۆڤیشدا «ئۆنتۆگینی»، وەکو خۆی دووبارە دەبێتەوە. یاخود مادام ئەویان بەوجۆرە بووە، ئەمیشیان بەشێوەیەکی ناچاریانەی جەبربانە، بەمجۆرە دەبێت، چونکە هیچ یاسایەک نییە ئەمە بسەلمێنێ. بەڵام لە سەرووی هەموو زانیاریانەی دەیانزانین و وێڕای ئەو ڕاستیانەی لە سەرچاوە زانستییەکاندا ئاماژەیان پێدراوە، ئەوە ئەزموونی هاوبەشی مرۆڤایەتی بە ئاشکرا پێمان دەڵێت:
ڕەگەزی مرۆڤ بەوجۆرە گەشەی کردووە و ئەوەش قۆناغەکان و چۆنێتی گەشەکردنەکەی بوون.
بۆیە لەسەر بنەمای ئەم لێکدانەوانەوەیە دەتوانین بڵێین: فەلسەفە بەشێکی سرووشتیە لە ژیان و بیرکردنەوەی هەر مرۆڤێک، ئەگەرچی کەمن ئەو مرۆڤانەی بەهۆشیارییەوە ئاگایان لەم پەیوەندیە هەبێت، یان بیانەوێت بیرکردنەوەکانی خۆیان بە بیرکردنەوەی فەلسەفی ناوزەد بکەن، (ئەمەش لەبەرئەوەی ئەوانەی بەناوی مامۆستایەتی و پسپۆڕایەتی فەلسەفییەوە خۆیان دەناسێنن، سانسۆرێکی ئەوتۆ دەخەنە سەر تاکەکەس، کە بە هیچ جۆرێ نەتوانێت خۆی وەک

بیرکەرەوەیەک پێناسە بکات)، بەڵام لە لابەلای هزر و لێکدانەوەکانی هەر تاکێکدا هەناسەی فەلسەفیانە بەشێکە لە هزری هەر مرۆڤێک،کە بیر لە ژیانی خۆی و دەوروبەری دەکاتەوە.

پرسیارگەلی وەک:

ئایا یەزدان، خودا یان ئافەریدەگار بوونی هەیە؟

ئایا چۆن دروست دەبین و چۆن لەدایک دەبین و لە پاش مردن چیمان بەسەر دێت؟

ئایا ژیان بەمجۆرەی ئێستای بەردەوام دەبێت؟

ئایا یاسایەکی ئەخلاقیانەی جیهانی لە ئارادایە،کە ژیانمان بەڕێوە ببات، یاخود پێویستە مرۆڤ بۆ خۆی بڕیار بدات ژیانی ئەو لەسەر چ پرنسیپێک بڕوات؟

هەموو ئەمانە پرسیاری سادەی هەر مرۆڤێکن و لە هەمان کاتیشدا پرسیارن لە چوارچێوەی بیرکردنەوەیەکی فەلسەفیانەدا. ئەوەی کە یۆنانیە دێرینەکانی وەها لێکرد تاکو پرسیارەکانیان بکەن، بریتی بوو لە شوێنگۆڕکێی ئەوان و سەفەرە بەردەوامەکانیان. هەر سەفەر و گەڕان و عەودالبوونیش، تاکە مرۆڤ بەرەو پرسیارکردن هان دەدات. بەم مانایەش یۆنانیە کۆنەکان توانیان لە هەر میللەتێکی دیکە زیاتر دەربڕی قۆناغی منداڵیی خۆیان بن و پرسیارەکانی ئەو قۆناغە، لەناو فەلسەفە و زانست و هونەردا بەرجەستە بکەن، ئەویش بەهۆی ئەو پرسیارانەی لە میانەی سەفەرە ڕۆحی و مەعنەوییەکانی خۆیان و عەودالبوونیان بە دوای تێگەیشتندا،کردیانن.

یۆنانییە کۆنەکان لەو ڕووەوە، کە تاکە میللەتێکن لە دنیای دێریندا تا ئەندازەیەکی زۆر چەپاندنی سێکسی و ترسی قسەکردنیان نەبووە، توانیویانە و ڕێگەیان بەخۆیانداوە پرسیار لە هەمووشتێ بکەن و هەمووشتێ بۆ ئەوان جێگەی تێڕامان بێت. ئەم خاڵە ئەوەشمان بۆ ئاشکرا دەکات،کە چەپاندنی سێکسی و ترس لە خۆدەربڕین دوو ڕێگری سەرەکین لەبەردەم هەر مرۆڤ و نەتەوەیەکدا، کە بیەوێ ببێتە خاوەنی کەلتوورێکی فەلسەفی و فیلۆسۆفیا بکاتە شێوازێکی ژیانکردن. چونکە، بۆ بیرکردنەوەی فەلسەفی، ئازادی مەرجێکی هەرە بنەماییە، چ لە ئاستە تاکەکەسی و چ لە ئاستە ڕەگەزییەکەی ژیانی مرۆییدا.

ئازادی بلیتی سەفەرکردن و شوێنگۆڕکێ و خۆتازەکردنەوە و متمانە بەخۆبوون دەداتە مرۆڤ.

گەڕان و عەودالبوون وا لە مرۆڤ دەکا لەو چوارچێوەیە ڕزگاری ببێ،کە ژیانی ئەو تیایدا چەقی بەستووە و هانی دەدات خەڵکانی دیکە بناسێ و خۆی لەگەڵ ئەوانی تردا بەراورد بکات. پاشانیش دەیخاتە سەر ئەو بڕوایەی پرسیار لەخۆی بکات:

ئاخۆ تێگەیشتنەکانی خۆی ڕاسترن لە هی خەڵکانی تر؟

ئاخۆ ئێمە لە ئەوانیتر پاکژترین؟

ئایا دەکرێ ئێمە زیاتر لە سەر حەق بین و ئەوان کەمتر؟

بۆ ئەوەی مرۆڤ ئەم جۆرە پرسیارانە بکات، هیچ پێویست ناکات سەفەر بۆ وڵاتێکی دوور بکات و تێکەڵ بەکەلتوورێکی دیکە ببێت. ئەم پرسیارانە پرسیارن لەگەڵ گەورەبووندا سەرهەڵدەدەن، بەتایبەتیش کاتێ مرۆڤ خودی خۆی لەگەڵ دایک و باوک و مامۆستا و کەسانی لەخۆی بەتەمەنتردا بەراورد دەکات. ئەو دایک و باوک و کەسانەی ڕۆژگارێ نمونەی بەردەمی ژیانی ئێمە بوون و ئەو شتەی لەوانەوە دەمانبیست بە شتێکی ئاسایی و سرووشتی وەرمان دەگرت و پێمانوابوو سەبارەت بە چۆنایەتی ژیانکردن، تەنیا حەقیقەتێکی نکوڵی لێنەکراوە.

بەڵام ئەوە شتێکی ئاشکرایە مرۆڤ لە قۆناغێکی دیکەی تەمەنیدا، یان سەفەرەکەیدا، پاش ئەوەی لە ناو تەمومژ دێتە دەرەوە، بۆی دەردەکەوێ:

پێویستە فێری ئەوەببێ ژیانی خۆی بژی و کەمێ بیر لەو ڕێگایانە بکاتەوە کە پێویستە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بیانگرێتە بەر. لێرەوە ئیدی هەر ئەوە بەس نییە بزانین دایکوباوک و کەسانی بەئەزموون چی دەڵێن و چۆن ژیاون و

برِوایان بە چی هەبووە؛ بەڵکو دەمانەوێ ئەو شتانەی گوێمان لێیان دەبێت، سەلمێنراویش بن. دەمانەوێت بۆ خۆمان لێیان تێبگەین و ڕاستی و هەڵەیان شیی بکەینەوە و بشتوانین لەبەردەم ئەوانیتردا بەرگرییان لێبکەین.
مرۆڤ لەم قۆناغەدا، شەقاوێ لە ژیانی بایۆلۆژی، بۆماوەیی و پەیوەندییە سۆزگەراکانی دوور دەکەوێتەوە و گەرەکیەتی ژیانێکی ئەقڵانی بژی، کە بۆخۆی تیایدا بڕیار بدات. ژیانێ، کەمەکێ خۆی لە کۆت و بەندەکانی نەریت ڕزگار کردبێ و کەلتوورێکی تایبەت بەخۆی تێدا بەرهەمبهێنێ، کە توانای بەرپرسیاریتی هەڵگرتنی ئەنجامی ئەو بڕیارانەی هەبێت، کە بۆخۆی دەیاندا.

ئەم مرۆڤە هەمان مرۆڤە، کە پێویستی بەوەیە قسانی بۆ بکەین، بەڵام پێیخۆش نییە ئامۆژگاری بکەین.
گرنگە لەگەڵیدا بیربکەینەوە، بەڵام قەبووڵی نییە لەجیاتی ئەو بڕیار بدەین. گوێمان لێدەگرێ، بەڵام مەرج نییە بە گوێمان بکات و کە بەقسەیشی نەکردین، تاوانێکی نەکردووە. ئەو بۆخۆی دوابڕیار دەدات و هەر بۆخۆیشی بەرپرسیارە لە ئەنجامی بڕیارەکانی و ئێمەش پێویستە ڕێزی بگرین.
بێگومان مەرج نییە یەکەم هاندەری فەلسەفاندنی مرۆڤ لە ئەنجامی وردە ناکۆکییەکانەوە لەگەڵ دایکوباوک و کەسانی لەخۆی گەورەتر، سەر هەڵبدات. تێڕامان و وردبوونەوە، بەشێکە لە سرووشتی هەر مرۆڤێک. ئەوە لە چارەنووسی هەر مرۆڤێکدایە دووبارە بیر لە هەنگاوەکانی بکاتەوە. بنۆڕێتە ئەوەی کە ڕابردووە و هەڵوێستە لە سەر ئەو بارودۆخ و شتانە بکات،کە خووی پێوە گرتوون و پێیانەوە دەقی بەستووە.

لە ژیانی هەر مرۆڤێکدا، هەندێ بنەمای سەرەکی هەن کە بەشێوەیەکی شاراوە لە پشت گشت بۆچوون و بیرکرنەوە و ڕەفتارەکانمانەوە ڕۆڵیان هەیە لە پێکهێنانی کەسایەتی و خودێتی ئێمەدا: زانین، هوشیاری، ئازادی، چاکە و خراپە، جوانی، دزێوی، حەسوودی، لێبووردەیی، دادوەری، ڕاستگۆیی، کەرامەت و ویژدان و ...هتد. ئەمانە هەندێ لەو بنەما سەرەکییە شاراوانەن کە هەمیشە هەن، بەڵام دیار نین و کەچی لە بڕیار و ڕەفتار و بۆچوونەکانی ئێمەدا ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە.
ساتەوەختی فەلسەفاندن، ئەو ساتەوەختەیە کە ئێمە تیایدا ئەو بنەما شاراوانە دەخەینە کار و تاقییان دەکەینەوە.
هەندێکیان لەو تاقیکردنەوەیەدا کێشەمان بۆ دروست دەکەن و دەبێ خۆمانیان لێدوور بخەینەوە و وەک تەپوتۆزێکی نیشتوو لە خۆمانیان بتەکێنین. هەندێکیشیان بەرچاو ڕوونمان دەکەن و شتی تازەترمان بۆ ئاشکرا دەکەن. لێرەدایە بۆمان دەردەکەوێ: ئەوەی بۆ ئێمە ئازادییە بۆ ئەوانیتر ستەمە و ناکرێ ئێمە لەسەر حسابی ئەوانیتر ئازاد بین. ئەوەی بەلای ئێمەوە چاکەیە، بۆی هەیە بەلای ئەوانیترەوە خراپە بێت و ناتوانین بەردەوامبین لە ستایش کردنی شتێکدا،کە بەلای ئەوانیترەوە شایانی ستایشکردن نییە. ئەوەی بۆ ئێمە کەرامەتە، خەڵکیتر بە لووتبەرزی تێیدەگات و بەو جۆرە..
گرنگ لەوەدایە ئێمە بتوانین دەست لەو بنەمایانە هەڵبگرین و گۆڕان لە خۆماندا دروستبکەین و هەموو ئەمانەش پەیوەندییان بە ساتەوەختە فەلسەفییەکانی ژیانی مرۆڤەوە هەیە.
کەواتە فەلسەفە ئەو جۆرەیە لە بیرکردنەوە و پرسیار و تێڕامان کە وزەی گۆڕانکاریمان پێدەبەخشێت و ئەو مرۆڤەش کە بیەوێت گۆڕان لە خۆیدا دروست بکات، فەلسەفیانە بیردەکاتەوە و لە هەمانکاتیشدا ئومێدەوەرانە دەژی، چونکە لەپشت هەر پرسیارێک و خواستێکەوە بۆ گۆڕان، ئومێدێکیش هەیە بەوەی کە «داهاتوویەک» هەیە ئەو گۆڕانە تیایدا ڕوو دەدات. بەم مانایەش فەلسەفە، وانەی تێگەیشتنە لە ژیان و وانەی دروستکردنی داهاتووە. مرۆڤێ کە خۆشەویستی هەیە بۆ زانین، بەواتەی مرۆڤێ دەیەوێ داهاتوو بکاتە ئەو شوێنەی بۆخۆی تیایدا بە بابەتی خۆشەویستییەکەی دەگات کە زانینە، چونکە زانین هەمیشە پەیوەستە بە زەمەنی داهاتووەوە. سوکرات کاتێ گوتبووی:
«جیاوازیی من و کەسانی دی ئەوەیە: من دەزانم کە نەزانم، بەڵام ئەوانیتر نازانن نەزانن» ڕێک و ڕاست ئاماژەی بە عەودالّیی خۆی کردبوو بەدوای بابەتی خۆشەویستییەکەیدا کە زانینە و لە داهاتوودا پێیدەگات و بۆ ئێمەش ئەو بەردەوام لە سەفەردایە، لە کاتێکدا ئەوانیتر لەناو ئێستای خۆیاندا سەقامگیر و دەستەوەستان دەمێننەوە کە پڕە لە نەزانی.




لێرەوە، ئەگەر خۆشەویستی بۆ زانین (فیلۆسۆفیا) بێت و پیشەی کەسانێکی عەوداڵ و پرسیارکەر بێت، ئەوە نەزانی پیشەی ئەو کەسانەیە،کە دووچاری «فیلۆسۆفۆبیا» بوون و ترسیان لە خۆشەویستی گەورەترە لەوەی بتوانن لە ئێستادا هەنگاوێک بەرەو زانین هەڵبێننەوە، واتە بەرەو داهاتوو.

لێگەڕێن پرسیارکردن خەسڵەتێکی منداڵانەی مرۆڤ بێت، بەمەرجێ ئەو منداڵییە لە خۆماندا نەکوژین. فیلۆسۆفۆبیا لەدایکبووی ئەو ساتەوەختەیە کە چیدی هیچ منداڵییەک و ڕۆحێکی منداڵانە لە ئێمەدا نەماوە، بۆی هەیە کوشتبێتمان، بۆی هەیە بەجێی هێشتبین!

لە ڕاستیشدا ئەوەندەی پەیوەستە بە زمانی ئێمەوە، پێویستە بڵێم تیایدا ویستێکی زۆر هەیە بۆ منداڵکوژی و دووڕوویی لەگەڵ منداڵدا. کاتێ ڕووبەڕووی منداڵەکان دەبینەوە سەدجار بە قوربان و بەساقەیان دەبین و ڕۆمانسیترین نمونەی پەیوەندی خۆمان و منداڵەکان پیشان دەدەین. کاتێکیش مرۆڤێ ڕەفتارێ دەکات و بەدڵمان نییە و دەمانەوێ تەریقی بکەینەوە و بیشکێنین، پێیدەڵێین: کارێکی منداڵانە و بێئەقڵانەی کردووە. لێرەشدا منداڵی و «بێ ئەقڵی» و «کەم ئەقڵی» یەکسانکراون و گەورە سەنتەری دەسەڵاتی خۆی بەسەر قۆناغی منداڵیدا سەپاندووە. ئەمە جگە لەوەی ئێمە بەچاوی مشەخۆر و بارگرانی تەماشای منداڵەکان دەکەین و زۆرجاران گوێمان لێدەبێت،کە دایکان و باوکان بەجۆرێ ڕووبەڕووی منداڵەکانیان دەبنەوە، کە گوایە ئەوان بار و ئەرکن بەسەریانەوە و هەرچییەک باوکان و دایکان دەیکەن، لەبەر خاتری منداڵەکانیانە.

بێگومان ئەمجۆرە ڕوو بە ڕووبوونەوەیەی منداڵ، جگە لەوەی بەرهەمهێنەری کەلتوورێکی منداڵکووژە، (بەتایبەتی لە ئاستی سایکۆلۆژیدا منداڵ ناچار دەکات بەخۆیدا بشکێتەوە و هەست بەگوناه بکات)، ئاواش خزمەت بە زەینییەتێک دەکات کە فیلۆسۆفۆبیای هەیە. لێرەشەوە کەلتووری منداڵکوژی و ئامادەیی زەینییەتی فیلۆسۆفۆبیا، تەواوکەری یەکترین؛ بەتایبەتی ئەگەر زانیمان فەلسەفە و هونەر و زانست، چ لە ئاستی گەشەی ڕەگەزیانەی مرۆڤ و چ لە ئاستی گەشەی تاکەکەسیانەی مرۆڤدا، دەرکەوتەی قۆناغی منداڵین و ئەگەر منداڵییشمان لە مرۆڤدا بە کەم گرت، یان سووکایەتیمان پێکرد، یاخود کوشتمان، ئەوە هەم فیلۆسۆفۆبیا و هەم ترس لە جوانی و هەم ترس لە زانستمان کردۆتە بەشێ لە کاراکتەری ئەو مرۆڤە. ئەمەش بە مانای ئەوەیە هەر لەسەرەتاوە ڕێمانگرتووە لەوەی ئەو ببێتە حیکمەتدۆست و

زانستپیشە و جوانیناس. کۆمیدیاکە لەوەدایە، کە سیستەمی پەروەردەیی ئێمە بۆخۆی بەشێکە لەو لایەنەی بەمجۆرە تەماشای منداڵ دەکات و مرۆڤبوونی منداڵ نابینێ و بەرنامەی نییە بۆ بیناکردنەوەی مرۆڤایەتی لە ئێمەدا بەهۆی گرنگیدان بە فەلسەفە و زانست و هونەرەوە. بگرە لەناو ئەو سیستەمەدا، فەلسەفە و هونەر لە نزمترین ئاستدا مامەڵەیان لەگەڵا دەکرێ و زانستیش تەنیا بۆ لەبەرکردن و تاقیکردنەوەکان دەگوترێتەوە نەک بۆ بەرهەمهێنانی زەینییەتێکی زانستانە.

لە بەشێکی دیکەی زنجیرە گوتارەکەماندا لەسەر زەمینە کەلتوورییەکانی زەینییەتی فیلۆسۆفۆبیا دەوستم و درێژە بە حەکایەتەکەمان دەدەم بۆ ئەوەی مەبەستی من لە ناونیشانی باسەکەمان ئاشکراتر بێ: ترسان لە فەلسەفە.

## چەپاندنی منداڵیی:

پەرچکردنەوە و داکوتاندنەوە، قرتاندن و بڕینەوە و چەماندنەوە، ئەو زاراوە و دەربڕینە زۆرانەی ناو زمانی ئێمەن کە تا ئەندازەیەکی زۆر هاوواتان و بۆ ڕەتکردنەوە و کوێرکردنەوە و ڕێگریکردن، لە گەشە و دەرکەوتنی شتێک و توانا و سەرهەڵدانی جوڵە و بزاڤێ، بەکاریان دەهێنین و بەهۆی مەهارەت و شارەزایی پشتەوەی ئەو دەربڕینانەوە، ئەو شتانە بەوجۆرە لێدەکەین کە بۆخۆمان مەبەستمانن.

کاتێ بمانەوێ لە لقی دارێ، گۆچان و عەسا دروست بکەین، ناچارین بەپێی لێوەشاوەیی و تەکنیکی گۆچان دروستکردن، بیانچەمێنینەوە. بزماری زیادە «هەڵدەکێشین» و «پەرچی دەکەینەوە»، پارچە ئاسن و تەلی بێکەڵک «دەقرتێنین» و درەختی گەندەڵ و بێبەریش «دەبڕینەوە». هەموو ئەمانە چالاکیی ناو ژیانی کردەیی ئێمەن و بۆ ئەنجامدانی ئەو چالاکییانەش پێویستیمان بە شارەزاییەکی یان ڕۆشنبیرییەکی پیشەیی هەیە تاکو بتوانین بەهۆیەوە شتەکان بەوجۆرە بگۆڕین کە پێویستن و مەبەستمانن. واتە ئەو شارەزاییە پیشەییە یارمەتیمان دەدات تا بەوجۆرە فۆرم و شێوە بە شتەکانی دەوروبەرمان ببەخشین و وەباریان بهێنین کە سوودیان لێوەربگرین و ئامانجی ئێمە بەدی بهێنن.
تا ئێرە هیچ کێشەیەکمان نییە و ئەگەر شارەزاییە پیشەییەکەمان کورتی هێنا، ئەو ئامانجەمان لە گۆڕینی فۆرمی شتەکان دەستناکەوێ کە مەبەستمانە. ئەگەر درەختی دنیامان بردە لای دارتاشێک و ئەو دارتاشێکی باش نەبوو، ناتوانێ کورسییەکمان بۆ دروست بکات کە بەدڵی خۆمان بێت. لەم حاڵەتەدا باشترە دارتاشەکە ددان بە کەمتەرخەمیی خۆیدا بنێ و وادەی ئەوەمان پێبدا کە جاری داهاتوو، پاش شارەزایی پەیداکردن لە دروستکردنی کورسیدا، کورسییەکی باش و جوان و بەسوودی بەدڵی خۆمانمان بۆ دروست بکات.
ئەگەر ئەمەی نەکرد، ئەوە ئێمە بۆمان هەیە بە دارتاشێکی نەشارەزای لەقەڵەم بدەین و جارێکی دیکە نەچینەوە بۆ لای. بەم هەڵوێستەشمان دارتاشەکەمان ناچارکردووە کە بە زانینەکانی خۆیدا لەمەڕ پیشەکەیەوە، بچێتەوە، چونکە بەهەرحاڵ، ئەو نایەوێت خەسڵەتی نەشارەزایی بچێتە پاڵ ناوەکەی. خۆ ئەگەر ئەمەشی بەلاوە گرنگ نەبوو، مانای وایە ئەو هەر لە بنەماوە دارتاش نییە، چونکە دارتاشی ڕاستەقینە بەلایەوە گرنگە خەڵک بە خاوەن پیشەیەکی باش ناوی ببەن.

ئەوەی بۆ من مەبەستە ئەوەیە:
ئایا ئێمە بە زانیاری و شارەزایی پیشەییەوە، بەهەمان لێهاتووییەوە کە شێوە دەبەخشینە شتە ماتەریاڵییەکان و باریان دەهێنین، دەشتوانین مرۆڤ و منداڵەکان پەروەردە بکەین؟
ئایا بەهەمان هێز و دەسەڵاتەوە کە بەکاری دەهێنین بۆ«پەرچکردنەوە و داکوتاندنەوە، پەرچاندنەوە و قرتاندن و بڕینەوە و چەماندنەوە»ی درەخت و ئاسن و شتە بێگیانەکانی دی تاکو ئەوەیان لێ بەرهەم بهێنین کە دەمانەوێت، بۆمان هەیە ڕووبەڕووی منداڵیی و منداڵەکان ببینەوە تا ئەو مرۆڤەیان لێ وەباربهێنین کە ئێمە مەبەستمانە؟
بێگومان نەخێر.

هەرگیز شارەزایی و ڕۆشنبیرییەک کە لە بواری پیشەییدا بۆ کۆنترۆڵکردن و شێوەبەخشین و وەبارهێنانی شتە بێگیانەکان پێویستیمان پێی هەیە، بناغەیەکی باشمان ناداتێ بۆ پەروەردەکردنی بوونەوەرێکی خاوەن ڕۆح و هەستەوەر.
دارتاشێک لەبەر ئەوەی دارتاشێکی باشە لە پیشەکەیدا، پەروەردەکارێکی باش نییە، هەروەک چۆن مەرج نییە دارتاشێکی خراپ لە پیشەکەیدا، پەروەردەکارێکی خراپ بێت. شارەزایی پیشەیی و پراکتیکی جیاوازە لە ڕۆشنبیریی پەروەردەیی.
بەڵام بەکارهێنانی شارەزایی و ڕۆشنبیریی پیشەیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بوونەوەری هەستەوەر، مەترسیدارە و لەوەیش مەترسیدارتر ئەوەیە کە لە بواری پەروەردەییدا پەروەردەکاران بە هەمان نیگاوە بڕواننە منداڵیی و منداڵەکان کە دارتاشێک و ئاسنگەرێک لە بواری پیشەییدا دەڕواننە ماتەریاڵەکان.
لێرەوە پرسیار دەکەین:
ئایا بەڕاست، لە زەینییەتی ئێمەی کورد و لە کۆمەڵگەکەماندا، چۆن بیر لە منداڵیی و منداڵ دەکەینەوە؟
تێڕوانینی باو ئەوەیە،کە پێمان دەڵێ: پێویستە منداڵەکان بە باشترین شێوە پەروەردە بکەین. مەبەستیشمان لەم گوزارەیە، وێڕای ئەوەی گوتومانە لە گەرما و سەرما و برسێتی و نەخۆشی بیانپارێزین، ئەوەیە بڵێین: «تەربییەتیان دابدەین، ئاقڵیان بکەین و ئەوەیان لێ بەرهەم بهێنین کە بۆخۆمان دەمانەوێ».
دارتاشێکیش بۆ ئەوەی ئەنجامی کارەکەی باشبێ، پێویستیی بەو دارانە هەیە،کە «نەخۆش نەبن، گەندەڵ نەبووبن، خۆرە نەیخواردبن، پتەوبن،کلۆر نەبن، گرێیان زۆر نەبێ و سەرما نەیبردبن و هەتاو ڕەشی نەکردبن و خوار نەبوون و ...هتد».
ئەوەی کە دەمانەوێ منداڵەکانمان لە «گەرما و سەرما و برسێتی و نەخۆشی و مەترسییەکانی دی» بپارێزین، هەمان شتە کە دارتاشێ بۆ دارەکانی پێویستە ڕەچاویان بکات. ئەوەی دارتاش بۆ دار و ئاسنگەر بۆ ئاسن و پێڵاودروو بۆ چەرم بەباشی دەزانن، هەمان شتە کە دار و ئاسن و چەرم پێویستییان پێیانە تاکو وەکو ماتەریاڵێکی باش ئەو فۆرمە وەربگرن کە دارتاش دەیەوێ و بەوجۆرە وەباربێن کە ئێمە مەبەستمانە. دارتاش و ئاسنگەر و پێڵاودروو، شتێکی زیادە بەسەر ماتەریاڵەکانیاندا ناسەپێنن کە دژایەتی و ناکۆک بێت لەگەڵ سروشتی دارین و ئاسنین و چەرمینی خۆیاندا.
ئەوان بۆ وەبارهێنانی کەرەستەی خاوی پیشەکەیان، پێویستە ئەوە بکەن کە دەیکەن. وەلێ کاتێ ئێمە وا بیربکەینەوە لەبەر ئەوەی ناهێڵین منداڵەکانمان برسییان ببێ، سەرما و گەرما لێیاندا، نەخۆش بکەون و بە ئارەزووی خۆمان ئاقڵیان بکەین و دەستبخەینە جیهانەکەیانەوە و هتد، ئەوە پەروەردەمان کردوون، بەهەڵەدا چووین.
منداڵ بەوە پەروەردە نابێت کە تەنیا لە ڕووە جەستەیی و بایۆلۆژییەکەیەوە بیری لێبکەینەوە. تەنیا خۆراک و جل و بەرگ و پاراستن لە نەخۆشی و پارە بۆ خەرج کردن، بەس نین بۆ پەروەردەبوونی منداڵ. ئەگەر لە هەمان کاتیشدا ئەو ئیمکانیەتانەی بۆ منداڵیان دەڕەخسێنین، نەچنە خزمەت تێگەیشتنێکەوە لەسەر منداڵ و منداڵیی، وەک ڕەهەندێکی رۆحی و دەروونیی مرۆڤ.

زۆرن ئەو دایک و باوکانەی گلەیی لە بەختی خۆیان دەکەن لەدەست منداڵە «خەمۆک و سست و تەمبەڵەکانیان»، چونکە بەبۆچوونی خۆیان هەموو شتێکیان بۆ منداڵەکانیان دەستەبەر کردووە و بەجۆرێکی باش پەروەردەیان کردوون، کەچی ئەوان هەر بەو جۆرەن کە هەن و دڵیان بە هیچ خۆشنابێ.
لە ڕاستیدا ئەو دایکوباوکانە بۆخۆیان ویستویانە منداڵەکانیان بەوجۆرە وەباربهێنن و ئاوا خەمۆک و سست و تەمبەڵیان بکەن، نەک پەروەردەیان بکەن.

پەروەردەکردنی منداڵ جیایە لە بوار ڕەخساندن بۆ منداڵیی منداڵ. پەروەردەی ئێمە لەسەر ڕەتکردنەوەی منداڵییەوە کار دەکات بۆ بەرهەمهێنانی بوونەوەرێ لە منداڵ کە زیاتر لەوەی ئەوەبێ منداڵ خۆی دەیەوێ و منداڵیی پێویستیی پێیەتی، بوونەوەرێکە، ئێمە دەمانەوێ و ئەو شتەی ئێمەش لە منداڵمان دەوێ بەبێ کوشتنی منداڵیی و بەپەراوێزکردنی قۆناغی منداڵیی مەیسەر نابێ.

سیستەمی پەروەردەیی و تێگەیشتنی ئێمە لە پەروەردە و منداڵیی، سیستەمێ نییە تیایدا ڕۆحی منداڵ ببینێ کە پێویستی بە ئازادی هەیە: ئازادی قسەکردن، ئازادی خۆ دەربڕین و ئازادی پرسیارکردن.

تێگەیشتنی ئێمە لە پەروەردەکردن، بەهەمان پێوەر و تێگەیشتنە کە ئاسنگەر و دارتاش لە شتە بێگیان و بێ فۆرمەکان هەیانە. ئەم تێگەیشتنە وا دەخوازێ کە منداڵ زوو ناچار بکرێ دەست لە منداڵیی خۆی هەڵبگرێ و بەپێی چەمکەکانی وەک ڕاستکردنەوە، سزادان، تەریقکردنەوە، هاننەدان و لێپرسینەوە و خۆ تێ هەڵقورتاندن و قەدەخەکردن گوشار بۆ هێنان، ئەو شتەی لێ وەبەربێ،کە ئێمە مەبەستمانە، هەروەک چۆن دارتاش و ئاسنگەران بۆ دروستکردنی کورسی و قەڵەوێرەی باش، ناچارن پارچە دار و ئاسنەکان ببڕنەوە، بیانچەمێننەوە و ڕاستیانبکەنەوە و ...هتد، بۆیە منداڵ پەروەردەکردن جیاوازە لە وەبارهێنان و بەرهەمهێنانی هەر شتێکی دیکە: نووسینگەیەکی کۆمپیۆتەر دەکەینەوە و پێویستیمان بە وەبارهێنانی چەند کەسانێک هەیە بۆ ئەوەی ئەرکەکان ڕاپەڕێنن، حکومەتی هەرێم پێویستی بە وەبارهێنانی کادری شارەزا هەیە. پێویستە زانکۆ بەوجۆرە قوتابییەکان وەباربهێنێ کە لەگەڵ ئاستی زانستیی دنیادا یەکسان بێت. لە هەموو ئەم گوزارە و دەربڕینانەدا قسەی ئێمە لەسەر وەبارهێنان و شارەزایی پەیداکردنی پیشەیی مرۆڤەکانە، نەک پەروەردەکردنیان.

ئەو کەسانەی ئێمە بۆ کاروباری نوسینگە و حکومەت و لە زانکۆدا پێویستیمان پێیانە، پەروەردە بوون. خاوەنی کەلتووری ڕۆحیی و مەعنەوی خۆیانن و ئێمە ناتوانین دەستکارییان بکەین؛ وەلێ ئێمە هەندێ زانیاری پیشەیی و پسپۆڕییان دەدەینێ تا بەمەبەستی شارەزایی لە بوارێکی تایبەتدا وەباریانبهێنین. ئەگەر ئەو شتەی ئێمە مەبەستمانە لە منداڵدا بەرهەمی بهێنین، بۆ نمونە «عاقڵی و بێدەنگی و هەڵسوکەوتی باش» بێت، ئەوە هەموو ئەمانە لەگەڵ منداڵیی منداڵدا ناکۆکن کە قۆناغێکە تیایدا منداڵ پێویستە پرسیار بکا، بجوڵێ و ئازاد بێت لە خۆدەربڕیندا.

ئەوەی ئێمە لە منداڵدا بەرهەمی دەهێنین، جیاوازە لەوەی منداڵیی منداڵ دەیخوازێ بۆ پەروەردەبوون. هەتا تێگەیشتنی ئێمە لە پەروەردەکردنی منداڵ هاوواتابێت بە چەمکی «عاقڵکردنی ڕەفتاری و گونجاندنی منداڵ لەگەڵ دنیای گەورەکاندا»، ئەوە ڕێگرێکی گەورەمان هەیە لەبەردەم پەروەردەبوونی منداڵیی منداڵ و ئازادیدان بەو منداڵییەی کە ئەگەر لەو قۆناغەدا سەرکوت بکرێ، لە قۆناغەکانیتردا بۆ بواری خۆدەربڕین دەگەڕێ و ئەگەر هەر بواریشی نەدۆزییەوە، ئەوە لە ئاستی دەروونی و جەستەییدا خوار دەبێ و دەچەمێتەوە و ئاسان بەخۆیدا دەشکێتەوە و ئاسان گڕدەگرێ و تووڕە دەبێ و ئەوکاتەش پێویستی بە پەرچاندنەوە، کوتاندنەوە و شکاندنەوە و ڕاستکردنەوە دەبێت.



سیستەمی پەروەردەیی و تێگەیشتنی ئێمە لە پەروەردەکردنی منداڵدا، تێگەیشتن و سیستەمێکە لەسەر بنەمای وەبارهێنانی منداڵەوە بەوجۆرەی کە دەمانەوێ، ئیش دەکات.
ئێمە هەر تەنیا لەلایەنە بایۆلۆژییەکەیەوە بەبێ بەرنامە و پلان، منداڵ بەرهەم ناهێنین، بەڵکو لە ڕوانگەیەکی زۆر تایبەتیشەوە و بەپێی پلانێکی هەڵە، جۆرێکی تایبەت لە منداڵ بەرهەمدەهێنین،کە منداڵیی خۆی نەژیاوە.
منداڵیی خۆی نەژیاوە ،بەو مانایەی کە لەو منداڵییەدا هێندەی ئازادیی نەبووە تاکو پراکتیزەی ڕەهەندی فەلسەفی، زانستی و هونەریی خۆی بکات،کە لە گوتاری پێشووتردا گوتمان ئەم ڕەهەندانە لە یەکەمین قۆناغەکانی ژیانی منداڵییەوە دەکەونە خۆدەربڕین.
ئەم سێ ڕەهەندە، چ لە تێڕوانین و جیهانبینی ئێمەدا بۆ ژیانی مرۆڤ و چ لە ناو سیستەمی پەروەردەیی ئێمەدا، ونن. لەو تێڕوانین و سیستەمەدا، وێڕای بەچاوی نزم تەماشای هونەر کردن و «کردنی وانەی هونەر بە پشوو، یان ناردنەوە ماڵ»، ئەوە کەلتووری بێدەنگ کردن (کە لە پشتییەوە ترسان لە فەلسەفە ئامادەیە)، تامەزرۆیی مرۆڤی ئێمەی بۆ پرسیارکردن (فیلۆسۆفیا/خۆشویستنی حیکمەت) کوشتووە و ئامادەیی نەگۆڕی وەڵامە غەیبانی و هەڕەمەکییەکانیش لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا، بوونەتە هۆکاری ئەوەی کە زانست بەشەرمەوە و بەدزی و لە کەنارەوە تەفسیری خۆی لەسەر شتەکان بدات.

کۆمەڵگایەک ئەمە تێڕوانین و میللەتێک خاوەنی ئەو کەلتووره منداڵکوژە بێت، بێگومان ناتوانێت منداڵ پەروەردە بکات، بەڵکو بەناوی پەروەردەوە، منداڵیی منداڵ دەچەپێنێ و ئەمەش هەمان شتە کە دارتاشێ بۆ دروستکردنی کورسییەک پێویستە تەختە و دارەکانی بەردەستی بەو جۆرە لێبکات کە دەیەوێ.
ترسان لە فەلسەفە (فیلۆسۆفۆبیا)، زادەی کۆمەڵگایەکە تیایدا جیهانبینییەک لە ئارادایە و ستایش دەکرێ کە تێگەیشتنی بۆ منداڵ بەدوورە لە تێگەیشتن بۆ منداڵیی و ئازادیدان بە منداڵ. بۆیە دواجار لەم کۆمەڵگایەدا منداڵ بەوجۆرە پەروەردە دەکرێ کە بۆخۆمان دەمانەوێ، نەک بەوجۆرەی منداڵیی منداڵ پێویستە تیایدا ئازادی خۆی وەربگرێ. هەموو ئەمەش لەسەر حسابی چەپاندنی منداڵیی لە مرۆڤدا.
بەخۆڕایی نییە لە ئەفسانە و ئەدەبیات و ژیانی تایبەتیی ئێمەدا، بەردەوام گەڕانەوەیەکی شەیدایانە هەیە بۆ قۆناغی منداڵی و بەدەستهێنانەوەی، چونکە لەوێدایە ئێمە زۆر شتمان لێ زەوتکراوە و بێسەرپەرستی و بێماڵی و دەربەدەریی ڕاستەقینەی ئێمە لەوێوە دەستپێدەکات:

**کاتێ کە نەیانهێشت ئازاد بین لە پرسیارکردن و سەماکردن و خۆدەربڕیندا.**
**کاتێ کە فیلۆسۆفۆبیا، جێگەی فیلۆسۆفیای گرتەوە.**

ئەم بابەتە دوو بەشە لە کتێبی
*ترسان لە فەلسەفە*، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی 2008، کوردستان، هەولێر.

## بیبلیۆگرافیای گوتارەکان

سەرچاوەکانی ئەم بەشە جۆراوجۆر و زۆرن، بەڵام ناوی گرنگترینیان و بە سوودترینیان کە لە پشت بیرکردنەوەکانی ناو باسەکانی بەشی یەکەمی ئەم کتێبەوە ئامادەن، ئەمانەی خوارەوەن. هیوادارم خوێنەر بە گەڕانەوە سەریان، بۆخۆی ڕاستەخۆ سوودیان لێوەر بگرێت. سەرچاوەکان بەپێی گرنگیان و بەکارهاتنیان لە کتێبەکەدا، نووسراون:

1. پی یر أدو: فلسفەو باستانی چیست؟ ت: دکتر عباس باقری، نشر علم، 1382، تهران.

2. ادگار مورن: عشق، شعر، حکمت. ت: دکتر عباس باقری، نشر علم، 1383، تهران.
3. ألن دوباتن: تسلی بخشی های فلسفه. ت: عرفان پابتی، ققنوس، 1384، تهران.
4. سروپالی راداکریشنان: تاریخ فلسفهو شرق و غرب 2، ت: خسرو جهانداری، تهران 1382.
5. جوزف کمپل: قدرت اسگوره. ت: عباس مخبر، تهران: مرکز، 1377.
6. جلال ستاری(ویراستار و مترجم): جهان اسگورەشناسی 1ـ 9، اپار گروهی از نویسندگان. تهران: مرکز، 1377.
7. جولیان جینز: خاستگاه اگاهی در فروپاشی ژهن دوجایگاهی III. ت: د. خسرو پارسا و دیگران، تهران: اگه، 1386.
8. کالین ا. رنان: تاریخ علم کمبریج. ت: حسن افشار، تهران: مرکز، 1366.
9. عبدالسلام بنعبد العالی و محمد سبیلا (ت و اعداد): دفاتر الفلسفیه، نصوص مختاره 1 التفکیر الفلسفی. دار التوبقال للنشر، 1991، المغرب.
10. دکتور گاهر وعزیز: المناهج الفلسفیه. مرکز الپقافی العربی، 1990، بیروت.
11. هـ فرانکفورت، تورکیلد جاکوبسن: ماقبل الفلسفه. ت: جبرا ابراهیم جبرا، دار المکتبه الحیاه، 1960، بغداد.
12. Immanuel Kant: Oplysning, historie, fremskridt. Slagmarkes Skyttegravsserie, Kopenhavn, 2000.
13. Lars Fr. Svendsen.: Hvad er filosofi? KLIM, Kopenhavn, 2003.
14. Arne Ness.: Filosofiens historie II. Hans Reitzels Forlag, Kopenhavn, 1991.
15. Mihail Larsen & Ole Thyssen.: Den frie tanke – en grund bog I filosofi. Gyldendal, Denmark, 1992.

سەبارەت بە گوتاری منداڵی و فەلسەفە سوودێکی زۆرم لە بەرهەمی مامۆستا و نووسەرانی سکەندەناڤی بەتایبەتی دانمارکی و نەرویجی و ئەوانیتریش وەرگرتووە، هەروەها بیرۆکەی فەلسەفە بۆ منداڵان زادەی بەرهەمی پسپۆڕانی هەمان دەڤەرە کە ناوی سەرچاوەکانیان دەنووسم.

جێگەی خۆشحاڵیشە،کە برای بەڕێز کاک کەریم مستەفا و هاوکارانی، لە بواری فەلسەفە بۆ منداڵان سایتێکیان کردۆتەوە و دەستپێشخەرییەکی زۆر بەسوودە کە پێویستە دەوڵەمەند بکرێ.

16. Per Jespersen: "Boren og Filosofi" لە سایتی www.filosofiskolendk.
17. Timothy J. bergenk JR: Hvordan lerer vi vore born at tenke.
18. Daniel Linde: Filosofi I skolen.
19. کەریم مستەفا: منداڵ و فەلسەفە، گۆڤاری ئایندە، ژمارە 75، ل: 32-40ن 2008

«.......»